# منداڵەکان؛ باڵۆن هەڵدەدەن



هێمن مەحمود – دەربەندیخان

سەعات ١٠,٥٩ دەقیقەی شەوی پێنج شەممەی کۆتاییەکانی مانگی ئاب، سەلمانی کوڕی مامۆستا عەلی لەبەرزاییەکەی خواری تونێلەکەوە لەمانگەشەوێکی هێمندا کە تەنها بۆ مردن نەدەشیا کەوتە خوارەوەو دەستبەجێ مرد.

ئێمە لە یاریگا تارتانەکەی تەنیشت ئەو شەقامە گشتییەی کەلەتونێلەکەوە دێتە خوارەوەو فەرعێکی بۆ ناوشارو فەرعێکی بۆ ڕۆژئاوای شار دەڕوات، کۆمەڵێک گەنجی گەڕەک بوین، شەوانی هاوین کۆدەبووینەوەو لەو یاریگایە بەبڕە پارەیەکی کەم تا دەرەنگانێکی شەو یاریمان دەکرد.

من سەلمانم لـەدوورەوە دەنـاسی، هەمیشە بێدەنگ و تەنها، بـەردەوام دەستی دەکرد بە پانتۆڵەکەیداو زۆربەی شەوان خۆی دەدا بەسەر ئەو ئاسنەی کە وەک محاجەرەیەک لەو بەرزاییەدا دروستکرابوو و دەیڕوانی بەسەر یاریگاکەی ئێمەدا، هەندێ جاریش دەهات هەردوو دەستی دەگرت بە تەلی چواردەوری یاریگاکەوە و لەتیشکی ئەو بلاجکتۆرانەی دەڕوانی کە هێندە بەهێزبوون هەر بەسەیرکردنێکی چاویان دەهێنایە ئێش.

کاکی لێکۆڵەر من خۆم ئەو شەوە بینیم، کراسە سپییەکەی لەژێر تیشکی زەردی بلاجکتۆرەکەدا دەدرەوشایەوە، پانتۆڵێکی مەیلەو ڕەساسی لەپێدابوو، بەڵی...بەڵی.... من ئەو شەوە دوو جار بینیم، بۆچی درۆبکەم دووجاری ڕێک بینیم.

یەکەمجار کە بینیم لەتەنیشتی تەلی یاریگاکەوە وەستابوو، پێچەوانەی هەمووجارێک ئەمجارە خۆی نەدابوو بەسەر تەلەکەدا و دووریگرتبوو، من بەرەو ڕووی یاریزانێکی تیپەکەی بەرامبەرمان کە تۆپەکەی پێبو بەخێراییەکی وا دەڕۆیشتم بەرەو ڕووی کە ناچاربوو بەرلەوەی پێیبگەم شوتێکی

توندی وەهام لێبدا کە بکەوم و تۆپەکە بکەوێتە دەرەوەی یاریگاکە.

خوا شایەتە جەنابی لێکۆڵەر چۆنت بۆ دەگێڕمەوە ئاوەهایە، ئاوڕێکی تەنیشتم دایەوە بۆ ئەوەی سەیری تۆپەکە بکەم سەلمانم بینی، بەڵام خوا شایەتە وەک ئەوەی پەیکەرێک ببینم، وەک ئەوەی جەستەیەکی مردوو ببینم، جەناب وەک ئەوەبوو، ئەو کوڕە هەر کەدونیا تاریکبووە مردبێت و گیانی لەدەستدابێت و بەڵام ڕێیش بکات.

تا تۆپەکە نەکەوتە بەرپێی وە ئاگا نەهات، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات بەسەروچاوێکەوە خوای باری و تەعالا کە بۆنی مردنی لێدەهات تۆپەکەی بۆ هەڵداینە ئەمدیوەوەو لەژێر تیشکی بلاجکتۆرەکاندا ونبوو.

جاری دووەمیش کە بینیم، گەورەم هێشتا ئێمە یاریمان دەکرد، ئاخر گەورەم خۆتدەزانی مانگە شەوەکانی ئاب خۆشترین کاتن بۆ یاریی نەک بۆ کەوتنە خوارەوەو خۆکوشتن، زۆرینەی منداڵەکانی شاریش چەند شەوێکی کەمبو فێری هەڵدانی باڵۆن بووبون کە لەئاسمانی شاردا و لەژێر تیشکی مانگەشەودا دەتوت ئەستێرەی بچووک بچووکن و دەدرەوشێنەوە، لەو باڵۆنە گەورە گەورانە ناڵێم کە لەسەتەلایتدا دەیبینین، نا ئەم باڵۆنانە بچووکن و زۆر بەرزنابنەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو ئاگرە بچووکەی ناوییەوەوە تا مەسەفایەکی کەم لەئاسماند ا بەرزدەبنەوەو دواتر دەکوژێنەوە، ئەو شەوە ئاسمان یەک پارچە باڵۆنی ئاگراویی بچووک بچووک بوو گەورەم، هەرچەندە وابزانم ئێوە بەبیانوی ئەوەی سەر لەفڕۆکە تێکدەدات، هەڵدانی ئەو باڵۆنانەتان لەمنداڵان قەدەغەکردبوو، بەڵام ئاخر کوا فڕۆکە ڕێی دەکەویتە ئەم شارەوە، بەڵام منداڵ.... باشە... باشە گەورەم دێمەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئا.. ئێمە هێشتا لەناوەڕاستی گێمی کۆتاییدا بوین، من بۆ جاری دووەم سەلمانم بینی خۆی دابوو بەسەر محاجەرەکانی بەرزاییەکەدا، من زۆر ماندوبووم، تیپەکەی ئێمە لەنزیک گۆڵی تیپەکەی بەرامبەرمان فاوڵێکیان لەسەر گرتبوون، نازانم سەعات چەندبوو، من لەدوای دوواوە بووم بۆ ساتێک دانیشتم، سەرم بەرزکردەوە بۆ گردەکەی بەرامبەرمان، لەدوورەوە سەلمانی کوڕی مامۆستا عەلیم بینی، وەک هەموو جار خۆی دابوو بەسەر محاجەرە ئاسنینەکاندا، ویستم بیری لێبکەمەوە ئەو کوڕە ئەمشەو وەک شەوانی دیکە نییە، بەڵام کە ناوبژیوانەکە فیکەی لێدانی فاوڵەکەی لێدا بیرم نەکردەوەو ئاگام لێی نەما و هەر ئەوەندە لێی دەزانم.

سەلمانی کوری مامۆستا عەلی، تەمەن ٢٥ ساڵ، هاوڕێی یەک پۆل بووین، تاوەکو ئامادەییشمان تەواوکرد پێکەوە بووین، بەڵام کە ئەو چوو بۆ پەیمانگەو من ڕۆیشتم بۆ زانکۆ، ئیدی زۆر ئاگامان لەیەک نەما.

کوڕێکی سپی پێستی بێدەنگ بوو، هەمیشە چاوەکانی لەبێتاقەتیدا خەواڵو دەینواند، گرنگییەکی لەڕادەبەدەری بەددانەکانی دەدا، هەر بۆیە هەمیشە کە زەردەخەنەیەکی سادەشی دەکرد، لەژێرەوە ددانەکانی وەک وردە بەفر سپی دەچوونەوە.

بەڕێز سەرگەورەی لێکۆڵەرەوان، من دەتوانم وەسفێکی دەقیقی ئەو کوڕەتان بۆ بکەم، یەکەم لەبەرئەوەی جاروبار ڕۆمان و چیرۆک دەخوێنمەوەو کەسایەتیەکان باش دەناسم، دووەمیش بەرلەوەی ئەو شەوە سەلمان خۆی لەو بەرزاییە نەعلەتییە هەڵبداتە خوارەوە من بینیم و پێکەوە قسەمان کرد.

ئا..ئا.. بینیم و تەوقەشمان کرد، ماوەیەکی زۆر بوو نەمدیبو، دەمزانی لەبری ئەوەی وەک باوکی ببێتە مامۆستا، دوکانێکی مۆبایل چاککردنی دانابوو، ئەو عەشقێکی زۆری هەبوو بۆ مۆبایل،

هەمیشە بەپێکەنینێکی گاڵتەجارانەوە دەیوت: مەعقول نییە باوک و کوڕ لەیەک ماڵدا مامۆستابن، هەموو ماڵێک یەک مامۆستای کافییە.

جەنابی لێکۆڵەر، نازانم بەڕێزتان زەوقی ڕۆمان خۆیندنەوەتان هەیە یان نا؟. من ئەو شەوە لەسەربان خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی بووم، مانگەشەوێکی جوانبوو، تیشکی مانگ ئەوەندە بەهێزبوو بەدەگمەن ئەستێرە بە دەرەوەبوو، جاروباریش سەیرکردنی ئەو باڵۆنانەی کە منداڵانی گەڕەک فێربووبوون هەڵیدەن بۆ ئاسمان، خویندنەوەکەیان دەپچڕاندم، بەهەرحاڵ.. برازایەکم هەیە یەک ساڵانە، ئەوشەوە بۆ نەگبەتی لەماڵمان بوو لەحەوشەکەدا زۆر دەگریا، سەعات چەندبوو؟...ئا...سەعات ١٠,٣٠، لەداخی گریانی ئەو منداڵە و سەیرکردنی ئەو باڵۆنانەی کە هەرسات ناساتێک هەڵدەکرانە ئاسمان، ڕۆمانەکەم وەلاوەناو و هاتمە دەرەوە جگەرەیەک بکێشم و ئیسراحەتێک بکەم.

بەو شەقامە درێژەدا هاتم کە سەرەتاکەی دەگەیشتە شەقامی ژێر تونێلەکەو دەیڕوانی بەسەر یاریگاکەدا.

بەڕێز لێپرسراوی لێکۆڵەرەوان، بۆخۆم خەیاڵم دەکردو جگەرە بەدوای جگەرەدا دەمکێشا، لەپڕ سەلمانم بینی خۆی دابوو بەسەر موحاجەرەکەداو خەریکی مۆبایلەکەی بوو، کە منی بینی یەکسەر خستیەوە گیرفانی.

کە تەوقەمان کرد، هەستم بە ساردی دەستی کرد، چاوانی بە چواردەوری خۆیدا دەگێڕا، بێئەوەی لێیبپرسم وتی: ئەمشەو هاتووم سەیری یاری ئەو گەنجانە بکەم، تاقەتم نەبوو، وتم مانگە شەوێکی خۆشە، منیش لەماڵەوە لەداخی گریانی منداڵ هاتومەتە دەرەوە، پێکەنینێکی کورتی کردو وتی: خۆت بدە بەسەر ئەم محاجەرانەداو لەو بەرزاییەوە سەیری گڵۆپەکانی شاربکە، دەزانم تۆ لەناو ڕۆمان و چیرۆکدا دەژیت، چی وێنەیەک هەیە لەمە جوانتر، شارێک لەژێر تیشکی مانگێکی تەنهاو جارناجارێکیش ڕووناکی ئەو باڵۆنانە تەنهایی مانگ تێکدەدەن.

من وتم، بۆیە هاتومەتە دەرەوە لەدونیای ناو کتێبەکان دەرچم، تۆش دەمبەیتەوە بۆ ئەوێ، وتی هاوڕێی بەڕێزم ئەمە کتێب نییە، ئەمە واقیعە، سەیرکە، دەستی لێبدە، هەستی پێبکە ئەو گەنجانە یاریی دەکەن، منداڵان منداڵیی خۆیان بەهەڵدانی ئەو باڵۆنانەوە بەسەردەبەن، مانگیش لەو سەری سەرەوە لەم شارە دەڕوانێت کە گڵۆپەکانی دەیانەوێت لەڕووناکی مانگ کەمبکەنەوە.. هاوڕێی بەڕێز چی هەیە لەمە جوانتر...دەتوانیت ئەمانە لەناو کتێبەکاندا ببینیت، هەستی پێبکەیت، دەستی لێبدەیت.. دەتوانیت..

ڕاستیت دەوێ جەنابی ئەفسەر من زۆر تاقەتی قسەم نەبوو، هاتبووم بۆنی دواین شەوەکانی مانگی ئاب هەڵمژم، هەربۆیە جگەرەیەکم داپێی و سەیرێکی سەعاتەکەی دەستم کرد ١٠,٤٥ دەقیقە بوو، ماڵئاواییم لێکردو تاوەکو بەیانی نەڕۆیشتم بۆ فەرمانگە، نەمزانی مردووە.

ئەو ساتەی کە سەلمان مرد، مامۆستا عەلی باوکی سەلمان، بەقات و بیجامەیەکەوە لەسەر قەنەفەیەک دانیشتبوو، چاوەڕوانی دواین هەواڵەکانی کەناڵی جەزیرەی دەکرد، دایکی سەلمانیش کەهیچ خوێنەوارییەکی نەبوو، لەگەڵ کچەکەیدا کە بەبۆنەی پێنج شەممەو هەینییەوە لەشارێکی دوورەوە هاتبویەوە بۆ ماڵی باوکی، خەریکی شۆردنی منداڵی کچەکەی بوون.

مامۆستا عەلی وەک هەمووجار کە کۆنترۆڵەکەی دەگرت بەدەستیەوە، نەیدەهێڵا کەس تەماشای هیچ بکات کەناڵی جەزیرە نەبێت، جاروباریش دەهاتەوە بۆ لای کەناڵە کوردییەکان، بەڵام هەرزوو

هەندێک قسەی لەبەرخۆیەوە دەکرد کە کەس نەیدەزانی جنێوە یاخود گلەیی، یەکسەر دەیگۆڕین.

ڕێک وەک هەموو شەوانێک و لەکات و ساتی خۆیدا، لە سەعات ١١،٣٠، مامۆستا عەلی مۆبایلەکەی هەڵگرت و تەلەفۆنی بۆ سەلمان کرد، سەلمان هیچ هەواڵێکی نەبوو.

مامۆستا عەلی بە ئەزموون و شارەزایی خۆی لەهاتنی هەر پێشهاتێکی ناخۆشدا ڕووخسار تێکچوو و خۆی کۆکردەوە.

خێزان و کچەکەشی کە خەریکی گۆڕینی منداڵەکەبوون کە هەر لەئێوارەوە بەگوێی مامۆستایان نەکردبوو بیشۆن لەو درەنگانەدا نەبێت، هەستیان کرد مامۆستا عەلی شێواوە.

ژنەکەی منداڵەکەی فڕێدا، بەڵام خودا ڕەحمی کرد کچەکەی گرتیەوە، ئەگینا دەموولووتی دەشکا، ڕووەو پیاوەکەی ڕایکرد، مامۆستا بەویقاری کەسێک کە دەتوانێت خۆی ڕابگرێت لەکاتی ناخۆشیدا وتی: ژنەکە هیچ نییە ڕەنگە سەلمان ئاگای لەمۆبایلەکەی نەبێت وەڵام ناداتەوە.

مامۆستا عەلی دەیزانی کوڕەکەی بەشێوەیەکی وەها پەروەردە نەکردووە ئاگای لە مۆبایل نەبێت و لەکات و ساتی خۆیدا وەڵامی تەلەفونەکان نەداتەوە و نەیەتەوە بۆماڵەوە.

پانتۆڵە ڕەشەکەی کردە پێ و کراسە شینە خەت خەتەکەی کردە بەری، کە ئەم بەیانییە کڕیبوی و ئێوارە سەلمان بۆی ئوتو کردبوو.

هاتە دەرەوەو تەلەفونی بۆ براکانی کرد، ئەوەشی بیرنەچوو کە تەلەفونێکیش بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس بکات کە ساڵانێکی زۆرە دەیناسی و تێکەڵاوی بوو.

هەرسێ براکەی بە ئۆتۆمبیلە (بی ئێم)ەکەی برا بچووکەکەیان لەماوەی کەمتر لە (٥ )چرکەدا گەیشتنە سەر شەقامە سەرەکییەکەوەو مامۆستا عەلییان هەڵگرت.

ئەو شەوە هەموو شار گەڕان، یەکەیەکە بەو درەنگە وەختە چوونە ماڵی هەموو خزمەکان، هەموو ئەو خاوەن دوکانی مۆبایلانەیان لەخەو هەستاند کە لەگوزەرەکەدا هاوڕێی بوون.

تەنانەت بەڕێوەبەری پۆلیس بەخۆی و چەند سەیارەیەکەوە هەموو کۆڵانەکانی شار گەڕان.

بەیانی ڕێک سەعات ٦،٣٠، مامۆستا عەلی پاش بەسەربردنی درێژترین شەو لەتەمەنی و پاش ئەوەی لەدۆزینەوەی سەلمان نائۆمێدبوو، لەبەر قەرەباڵغی ماڵ خۆیان لەماڵی برا ناوەنجییەکەیان سەرخەوێکی شکاند، بەزەنگی مۆبایلەکەی وەئاگات، بەڕێوەبەری پۆلیس بوو.

سەعات ٦،٢٨، شۆفێرێک کە بە شەقامە سەرەکییەکەدا تێپەڕدەبێت، لە چاڵاییەکداو لەژێر موحاجەرەکانی ئەو شەقامەی لەشەقامی سەرەکی تونێلەکەوە جیادەبێتەوە و ڕووەو ڕۆژئاوا دێت، جەستەیەک دەبینێ کە کەوتووە بەسەر دەمدا.

مامۆستا عەلی و براکانی و بەڕێوەبەری پۆلیس و خەڵکی گەڕەک و ژمارەیەکی زۆر لە مۆبایل فرۆش، بەو بەیانییە زووە لەکەسانی یەکەم دەبن کە دەگەنە سەر تەرمەکە.

مامۆستا عەلی دەست درێژدەکات و تەرمەکە دەخاتە سەر پشت، سەیرێکی ناوچەوانی سەلمان دەکات کە هێشتا فێنکی خوڵەکە لەسەر دەموچاوێتی، بەبێدەنگ و بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات چاوی سەلمان دادەخات و بۆیەکەمجار لەهەموو ژیانیدا بۆ مردنی کەسێک چەند فرمێسکێک لەچاوی دەکەونەخوارو بەهەردوو دەستی کوڕەکەی هەڵدەگرێت و دەیخاتە سەیارەکەی بەڕێوەبەری پۆلیسەوە.

ساڵانێک دوای ئەوە، مامۆستا عەلی لەبێدەنگییەکی قووڵدا ژیاو، پاش ئەوەی بۆ یەکجاری وازی لەسەیرکردنی کەناڵی جەزیرە هێنا، کتوپڕ لەڕۆژێکی ساردی زستاندا بەحەسرەتی وەڵامی ئەو

پرسیارەی کە لای هیچ کەس وەڵامێکی ڕاستی دەست نەدەکەوت، ئەوەی کە ئایا سەلمان خۆی خۆی خستۆتە خوارەوە یاخود سەیرکردنی باڵۆنەکان غافڵگیریکردووەو کەوتۆتە خوارەوە، بۆ هەتایە گیانی لەدەستدا.

بەڕێوەبەری پۆلیس لەتەنیشت تەرمەکەوە مۆبایلەکەی سەلمانی هەڵگرت و سەیریکرد، جگە لە ١٥ تەلەفۆنی مامۆستا عەلی و براکانی، نامەیەکی تەواونەکراویش کە هێشتا نەنێردرابوو و بێ ئەوەی هیج کەسێکیش بزانێت بۆ کێ نووسراوە لەسەر شاشەکەبوو " نازانم ئەم نامەت بۆ بنێرم یان نا، بەڵام هەستێکی قووڵم تێدایە کە واملێدەکات خۆشم بوێیت و نامەت بۆ بنووسم، ئێستا من زۆر تەنهام، لەتەنهاییدا کە هاتم لەخوارەوە لای یاریگاکە وەستام بەڵکو یاری ئەو گەنجانە تەنهاییم دەربکات، نازانم چەند وەستام بەڵام بیری تۆم دەکرد، کەچی گەنجیک شوتێکی لێداو تۆپەکە دای لەمن و خەیاڵەکانی پچڕاندم، هاتمە سەر بەرزاییەکە بۆلای موحاجەرەکان کە هەندێک دوورە و دەڕوانێت بەسەر یاریگاکەدا و لەنێوانیشیاندا دۆڵێکی تاریک هەیە کە ڕۆشنایی بلاجکتۆری یاریگاکەش ناتوانێت ڕۆشنی بکاتەوە.

ئێستا خۆمداوە بەسەر موحاجەرەکانداو جارێکی تریش بیری تۆدەکەم، هەمیشە دەمەوێت تۆ لەیادمابیت، لەخەیاڵمدا زیندوویت، دەنگت لەڕۆحما بزرنگێتەوە، بەڵام ناتوانم......

ببورە ئەوە هاوەڵێکی کۆنم هات و هەندێک قسەمان کرد، باش بوو زوو ڕۆیشت و زۆر داینەبڕیم لێت، ئەو هاوەڵەم خۆی بەڕۆشنبیر دەزانێت و باسی چیرۆکی عاشقانەی گەورە گەورەی ناو کتێبەکان دەکات، بەڵام من لەواقیعدا عاشقی تۆم، من لەواقیعدا شەیدای تۆم... هاتومەتە ئەمدیوو پاڵم داوەتە موحاجەرەکان و ڕووەو شار وەستاوم.

چیت بۆ بنووسم، ئەمشەو خۆشترین شەوی منە، من هەمیشە کۆتاییەکانی شەوانی هاوینم خۆشدەوێت، هەوایەکی فێنک لەدەریاچەکەوە هەڵدەکات و بەشاخەکەدا هەڵدەزنێت و دێتە ئەمدیو بۆ ئاسمانی شار، هەواکە ئێستا لەڕووخسارمدەدات، مانگ چەند جوانە بەم شەوە کە تەنها وبێدەنگ سەیری شار دەکات، ئەمشەو زۆر بیرمکردی، هاتووم هەندێک لەژێر ئەو مانگەشەوەو تیشکی ڕووناکی ئەو باڵۆنانەدا ڕۆحی خۆم خاڵی بکەمەوە لێت، ئێستا سەعات ١٠,٥٩ دەقیقەیەو سەیری ئەو باڵۆنانە دەکەم و خ......"